# لە شیعرەوە بۆ پەخشان: ئافراندنەوەی ڕۆحی شاعیرانەی ویسیٚ و ڕامین لە وەرگێڕانی دوکتۆر جەباریدا

جەعفەر قارەمانی

**پوختە**

هۆنراوەی ویسیٚ و ڕامین لە سەدەی پێنجی کۆچیدا لە لایەن فەخرەدین ئەسعەد گورگانی-یەوە نووسراوە. دوکتۆر جەباری ساڵی ۲۰۱۸ ئەو بەرهەمەی لە زمانی فارسییەوە بۆ پەخشانی کوردی وەرگێڕاوە. وەرگێڕانی شیعر بۆ پەخشان لە قەیراناویترین بوارەکانی وەرگێڕان ناسراوە، چونکە شیعر تەنیا هەڵگری مانا نییە، بەڵکوو ئاواز، کێش، سەروا و جوانیی زمانیش دەگەیەنێت؛ بەڵام سنووردار بوونی پەخشان و جیاوازییەکانی پێکهاتەیی لەگەڵ شیعر وادەکات بەشێک لە جوانیناسیی شیعر، کاڵ بێتەوە. جەباری وەرگێڕانی ویسیٚ و ڕامین -ی بە شێوازی هێرمێنۆتیکی و پشتبەستن بە تیۆرییەکانی کولتووری ئەنجام داوە و بە هەڵبژاردنی وشە و زاراوەی ڕەسەنی کوردی، سەربەخۆیی زمانی بەو پەخشانە بەخشیوە. لەو خوێندنەوەیەدا بەو ئەنجامە دەگەین، ئەو وەرگێڕانە جۆرێک لە ئافراندنەوەی هونەری و نێوان ژانرییە کە بە بەهرەوەرگرتن لە خۆماڵی کردنی زمانی و کولتووری، ئەزموونێکی نزیک لە دەقی سەرچاوەی خوڵقاندووەتەوە. وەرگێڕ بە دوورکەوتنەوە لە وەرگێڕانی وشەبەوشە و کەڵکوەرگرتن لە تواناکانی زمانی کوردی، بارگەی سۆزداری و شاعیرانەی ئەو بەرهەمەی بە شێوازێکی زانستی و پسپۆڕانە بەرهەم هێناوەتەوە. جەباری لە نێوان ئەمەگناسی بۆ دەقی سەرچاوە و ئازادی لە ئافراندنەوەدا، هاوسەنگییەکی تەواوی پاراستووە و توانیویەتی بەرهەمێک وەربگێڕێت کە هەم بۆ بەردەنگی کورد سەرنجڕاکێش بێت و هەم بۆ پاراستنی پەیامی دەقی سەرچاوە وەفادار بێت. بەم پێیە، دەکرێت ئەو وەرگێڕانە وەک وەرگێڕانێکی داهێنەرانە پێناسە بکرێت کە مانا و سۆز بەسەر وشەکانیدا زاڵە و وەرگێڕ لە ئاستی وشە تێپەڕیوە، بۆئەوەی کاکڵی ویسیٚ و ڕامین لە کولتوورێکی جیاوازدا بپارێزێت. ئەو توێژینەوەیە بە شێوازی وەسفی – شیکاری ئەنجام دراوە. لە لێکدانەوەی ئەو بەرهەمە دەردەکەوێت وەرگێڕ، تەنیا ناوبژیوان نەبووە، بەڵکوو نووسەری دووهەمە؛ کەسێک پەیوەندیی مانایی لە نێوان دوو زمان و کولتووری جیاوازدا دروست کردووە. ئەو وەرگێڕانە نموونەیەکی سەرکەوتوو لە گۆڕینی زمانی چڕکراوی شیعری، بۆ سەر پەخشانی هونەرییە کە بەردەوام سۆز و جوانیی زمانی سەرەکیی لەخۆدا پاراستووە.

**وشە سەرەکییەکانی:** ویسیٚ و ڕامین؛ پەخشانی کوردیی ویسیٚ و ڕامین؛ ئافراندنەوەی شاعیرانە؛ وەرگێڕانی کولتووری.

## دەقی سەرەکیی وتار

وەرگێڕان، وەک یەکێک لە بناخە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەی وێژەیی و کولتووری، ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە پێکهێنان و بەردەوامیی گفتوگۆی نێوان زمان و کولتووره جیاوازەکاندا هەیە. لە توێژینەوەکانی هاوچەرخدا، وەرگێڕان نەک هەر وەک ئافراندنەوەیەکی زمانی، بەڵکوو وەک کردارێکی نێوان کولتووری و دەقی پێناسە دەکرێت کە لە درێژەیدا مانا لە چوارچێوەیەکی نوێی زمانی و کولتووریدا جارێکی دیکە لێکدەدرێتەوە، بۆیە وەرگێڕان تەنیا ئامرازێک بۆ دەستڕاگەیشتن بە بەرهەم و بیرۆکەی کولتووره جیاوازەکان نییە، بەڵکوو وەک فاکتەرێکی کاریگەر بۆ پەرەسەندن و گەشەسەندنی زمانی ئامانج دێتە ئەژمار. لەم ڕوانگەیەوە وەرگێڕان نەک هەر لە گواستنەوەی بیرۆکە و بەرهەمە ئەدەبییەکان لە نێوان نەتەوەکاندا یارمەتیدەرە، بەڵکوو لە دینامیزمی زمانی ئامانج، فراوانبوونی وشەسازی و چەمک و داهێنانی شێوازی نوێی دەربڕینیش کارتێکەری هەیە. لە ڕوانگەی پیتەر نیومارک -ەوە، وەرگێڕان بەو ڕادەیەی لە گواستنەوەی زانست و لێکتێگەیشتنی نێوان گرووپ و نەتەوەکاندا گرنگی هەیە، بەو ڕادەیەش لە گواستنەوەی کولتوور دەوری هەیە. لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان ئەم دوو بەشەدا، واتە زمان و کولتوور هەندێک وەک کریستیان نۆرد، وەرگێڕان وەک ئامرازێک بۆ بەراوردکردنی کولتوورەکان پێناسە دەکات.

لەڕاستیدا پرۆسەی گواستنەوەی توخمە کولتوورییەکان، پرۆسەیەکی بەربڵاوە و جوانیی تایبەت بەخۆی هەیە کە تێیدا وەرگێڕ بە بڕوای فاریس وەک نێوەندگیرێک، یان قاچاخچییەک لە نێوان هەردوو زمانی سەرچاوە و ئامانجدا ڕۆڵی هەیە. وەرگێڕ هەم وشە و هەم کولتوور لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگوازێتەوە، تەنانەت دەتوانین بڵێین وەرگێڕ گوێزەرەوەی وشە، هزر و چەمکە؛ بەڵام بە شێوەیەکی دیار و بەربڵاو کولتوور دەگوازێتەوە کە دەتوانرێت بە «قاچاچچیی کولتوور» پێناسەی بکەین، بۆیە وەرگێڕان تەنیا ئافراندنەوەی دەقی سەرچاوە نییە، بەڵکوو خۆی دەقێکی سەربەخۆیە و دەور و ئەرکێکی نوێی لە کولتووری زمانی ئامانجدا هەیە. لە ڕوانگەیەکی لەو جۆرەدا، وەرگێڕ ڕۆڵێکی چالاکانەی لە پرۆسەی ئافراندنەوەدا هەیە، دەتوانێت پێکهاتە، شێواز و ناوەڕۆکی دەقەکە بەپێی بایەخ و عەقڵییەتی بەردەنگی ئامانج سەر لە نوێ بخوڵقێنێتەوە.

وەرگێڕان لە نێوان وێژەی فارسی و کوردیدا، دەتوانێت بەستێنێکی کاریگەر بۆ یەکترناسین و بەراوردکردنی توخمەکانی شێوازناسی و کولتووریی نێوان ئەو دوو نەریتە وێژەییە دروست بکات. وەرگێڕانی بەرهەمە فارسییەکان جگە لە گواستنەوەی زانست و ئەزموونی وێژەیی، بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی لە بواری تیۆری و جوانیناسیدا یارمەتیدەرە و ڕەخنەی وێژەیی و وێژەی بەراوردکاری لە

هەردوو بوارەکەدا بەربڵاوتر و گەشەسەندووتر دەکات. چیرۆکی ویسێ و ڕامین لە بەرهەمە دیارەکانی وێژەی فارسییە کە لە سەدەی پێنجی کۆچیدا لە لایەن فەخرەدین ئەسعەد گورگانی- یەوە نووسراوە. ئەم بەرهەمە بە شێوەیەکی ڕۆمانسی نووسراوە، لە کۆنترین و گرنگترین چیرۆکەکانی زمانی فارسی هەژمار دەکرێت کە بەهۆی پێکهاتەی وێژەیی ئاڵۆز، ناوەڕۆکی دەوڵەمەند و کاسایەتییە جۆراوجۆرەکانی لە وێژەی فارسیدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە. دوکتۆر جەباری ساڵی ٢٠١٨ ئەو بەرهەمەی لە فارسییەوە بۆ سەر پەخشانی کوردی وەرگێڕا. شیعری فارسی ڕەنگە بۆ خوێنەرانی کورد و بەتایبەت بەشێک کە شارەزای فۆرمەکانی شیعری فارسی نین، تێگەیشتنی ئاستەم بێت؛ بەڵام بە وەرگێڕانی ئەو بەرهەمە بۆ سەر پەخشان کوردی، دەکرێت چەمک و هەستە شاراوەکانی ئەو هۆنراوەیە بە فۆرمێکی تێگەیشتووتر بۆ بەردەنگی کورد دەستەبەر بکرێت.

وەرگێڕانی شیعر بۆ پەخشان لە قەیراناویترین بوارەکانی وەرگێڕانە، چونکە شیعر تەنیا هەڵگری مانا نییە، بەڵکوو مۆسیقا، کێش، سەروا و جوانیی زمانیش دەگەیەنێت؛ بەڵام سنووورداربوونی پەخشان و جیاوازییەکانی پێکهاتەیی لەگەڵ شیعر وایکردووە لە وەرگێڕانی شیعر بۆ سەر پەخشان بەشێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شیعر دووپات نەبێتەوە. هەرکام لەو تایبەتمەندییانە ڕۆڵێکی بەرچاویان لەسەر ئەزموونی وێژەیی و سۆزداریی خوێنەر هەیە. لەو پرۆسەیەدا وەرگێڕ ڕووبەڕووی چەند پرسیاری بنەڕەتی دەبێتەوە؛ چۆن دەتوانرێت چەمکە ڕۆمانسییەکان، هێما ئەفسانەییەکان، یان پێکهاتەی دێرە ئاڵۆزەکانی زمانی سەرچاوە بە فۆرمێکی ڕەسەن لە زمانی ئامانجدا بخوڵقێنێتەوە؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە وەرگێڕ بەرەو داهێنان و بنیاتنانەوەی زمانی دەبات و توانا زمانییەکانی زمانی دووهەم زێدەتر دەکات. وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییەکان، بەتایبەت بەرهەمە فارسییەکان بۆ سەر زمانی کوردی، دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە دەوڵەمەندیی زمان و وێژەی کوردیدا بگێڕێت. بە وەرگێڕانی ئەو بەرهەمانە و گواستنەوەی زاراوە جیاوازەکانیان، ئابووریی زمانی کوردی دەوڵەمەندتر دەبێت.

ئەم وەرگێڕانە ڕۆڵێکی گرنگی لە پەیوەندیی نێوان ئەو دوو نەریتە ئەدەبییە، واتە دووبارە ناسینەوەی هاوبەشییە کولتوورییەکان هەیە؛ بەڵام ئەم پرۆسەیە کاتێک سەرکەوتوو دەبێت کە وەرگێڕانەکە بتوانێت مانا، ناوەڕۆک، پەیام و هەستەکانی دەقی سەرچاوە لە زمانی ئامانجدا بئافرێنێتەوە، بێ‌ئەوەی بشێوێت؛ بۆیە پرسی سەرەکیی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە بزانرێت وەرگێڕانی کوردیی هۆنراوەی ویسێ و ڕامین تا چەند لە پاراستنی تایبەتمەندییەکانی شیعری و فەزای سۆزداریی دەقی ڕەسەن سەرکەوتوو بووە و چۆن توانیویەتی هاوسەنگییەک لە نێوان سەرڕاستی و ئەمانەتداری بۆ دەقی یەکەم و داهێنان

لە وەرگێڕانەکەدا دروست بکات. ئەم خوێندنەوەیە ڕوونی دەکاتەوە کە وەرگێڕانێکی وێژەیی سەرکەوتوو لەو جۆرە حاڵەتانەدا، پێویستی بە چ پێکهاتە و تایبەتمەندییەک هەیە.

وەرگێڕان لە وێژەی کوردیدا دوو ڕۆڵی بووە؛ لە لایەک ئامرازێک بۆ گواستنەوەی زانست و کولتوور لە زمانەکانی بیانی بۆ نێو زمانی کوردی و لە لایەکی دیکەش وەک کەرەستەیەک بۆ گەشەکردن و دینامیزمی زمانی کوردی دەوری بووە. جەباری بە وەرگێڕانی ویسێ و ڕامین درێژەی بەم ڕێبازە داوە؛ بەڵام شێوازێکی جیاوازی گرتۆتەبەر و خۆی لە وەرگێڕانی وشەبەوشە بەدوور گرتووە و بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی زمان و کولتووری کوردی، مانا و هەستی گشتیی ئەو بەرهەمەی لە فۆرمێکی نوێدا و بە زمانێکی جیاواز ئافراندووەتەوە. ئامانجی جەباری تەنیا گواستنەوەی مانا نەبووە، بەڵکوو دووبارە لێکدانەوەی ئەزموونی ئەویندارانە و شاعیرانەی دەقی ویسێ و ڕامین بە زمانی کوردی بووە. لەم وەرگێڕانەدا وەفاداری بۆ دەق تەنیا لە گێڕانەوەی واتای وشەکاندا نییە، بەڵکوو لە پاراستنی ناواخن و پەیامی سەرەکیی بەرهەمەکە دەردەکەوێت.

بەرهەمە کلاسیکییەکانی وەک ویسێ و ڕامین نەتەنیا لە ناوەڕۆکدا، بەڵکوو لە باری فۆرم، ناواخن و لە ئاستی زمانیشدا ئاڵۆزییان هەیە. وەرگێڕانی ئەو بەرهەمە بۆ سەر زمانی کوردی و لە شیعرەوە بۆ پەخشان، بەشێکی ئەو جۆرە ئاڵۆزی و دژوارییانە دەردەخات. جیاوازیی بنچینەیی فۆڕمی شیعر و پەخشان، لە ئاستی زمانی، ڕێزمانی و هتد، زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی توخمە سەرەکییەکانی شیعر، وەک کورتبڕیی هونەری، ڕازەکانی ڕەوانبێژی و وێنە خەیاڵاوییەکان لە پرۆسەی وەرگێڕاندا کاڵ ببنەوە، یان تەنانەت نەمێنن. لە لایەکی دیکەوە زمانی ئامانج، یان دووهەمیش سنوورداربوونی تایبەت بەخۆی هەیە کە کاریگەری لەسەر پرۆسەی وەرگێڕاندا دەبێت. جەباری لە وەرگێڕانی ویسێ وڕامین- دا، بە تێگەیشتنێکی ورد لەم ئاڵۆزییانە، ڕێبازێکی گرتووەتەبەر کە دەکرێت لە پەخشاندا بە ئافراندنەوەی شیعری پێناسە بکرێت. وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، یەکێک لە گرفتە هەرە دیارەکانی وەرگێڕانی شیعر، لەدەستدانی کێش و سەروایە. پەخشان پێکهاتەیەکی لەو شێوەیەی نییە و هەوڵدان بۆ پاراستنی کێش و سەروا بەتەواوی دەتوانێت، ڕوونیی مانایی دەقەکە کەم بکاتەوە، بۆیە وەرگێڕی ئەو بەرهەمە لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ کێش و سەروا بەکار بهێنێتەوە، هەوڵی داوە بە هەڵبژاردنی وشەی ورد و ڕێکخستنی ڕستەکان بە شێوەیەکی هونەری، کێشی شیعرەکە لە فۆرمی پەخشانێکی سەروادار بئافرێنێتەوە.

وەرگێڕی ویسێ و ڕامین، ڕێبازی لێکدانەوەیی بۆ ئەو وەرگێرانە هەڵبژاردووە و لە زمانی کوردی بەشێوەیەک کەڵکوەردەگرێت کە جگە لە نواندنی لێهاتوویی و توانایی زمانی کوردی لەو وەرگێڕانەدا دەوڵەمەندیی وێژەیی و کولتووریی دەقی سەرچاوەشی بپارێزێت. لە باری زمانییەوە پەخشانەکە ڕەوانە؛ بەڵام لە توێژەکانی ناوەوەیدا بەگشتی جۆرێک ئاوازی واتایی و شاعیرانەی هەیە کە پێکهاتەی سەرەکیی ویسێ و ڕامین بیردەخاتەوە. لە هەڵبژاردنی وشە و هاوتاکاندا لە وشە و هاوتای ڕەسەنی کوردی کەڵکی وەرگرتووە، بۆئەوەی سەربەخۆیی و لایەنی جوانیناسیی زمانی کوردی بپارێزێت. لە هەمان کاتدا لە پەند، خواستن و درکە و ڕازە هونەرەکانی وێژەی کوردی بە مەبەستی ئافراندنەوەی بەشێک لە لایەنی جوانیناسیی دەقی سەرچاوە و بۆ کارتێکەریی وەرگێڕانەکە لەسەر هەستی خوێنەر سوود وەردەگرێت. ئەو تایبەتمەندییە وایکردووە ئەو وەرگێڕانە وەک دەقێکی زیندوو و باوەڕپێکراو بۆ خوێنەری کورد دەرکەوێت. لایەنێکی وێژەیی ئەو وەرگێڕانە، گرنگیدان بە مۆسیقای ناوەوەی پەخشانەکەیە. جەباری هەوڵی داوە بەشێک لە ئاواز و جوانیی وێژەیی ویسێ و ڕامین لە فۆرمی پەخشانی کوردی بپارێزێت. ڕستەکانی ئەو پەخشانە کورت و هاوئاهەنگن. شێواز و جۆری زمانی گێڕانەوەکە لە تەواوی بەرهەمەکە هاوسەنگیی تەواوی هەیە؛ نە زۆر هونەری و نە زۆر شێوازی ئاسایی هەیە. ئەو هاوسەنگییە شکۆیەکی بەرزی وێژەیی بە پەخشانەکە بەخشیوە کە دەکرێت لە نێوان نەریت و مۆدێرنیتەدا پێناسە بکرێت. جگە لەو تایبەتمەندییە لەو وەرگێڕانەدا لێکدانەوەی ناپێویست و زێدە و دووپاتی شاعیرانەی دەقی سەرەکی لە گێڕانەوەکەدا کەم کراوەتەوە، بۆئەوەی جۆری گێڕانەوەکە بۆ خوێنەر ڕەوانتر بێت؛ بەڵام هاوکات، هێڵی سەرەکیی چیرۆک و ڕۆحی ئەویندارانەی بەرهەمەکەی پارێزراوە.

ئەو وەرگێڕانە تەنیا بەرهەمێکی زمانی نییە، بەڵکوو جۆرێکە لە وتووێژی نێوان دوو نەریتی وێژەیی؛ نەریتی ڕۆمانسیی فارسی و نەریتی گێڕانەوەی کوردی. جەباری بە تێگەیشتنێکی قووڵی ئەو دوو کولتوورە، وەرگێڕانی وەک پردێک لە نێوانیاندا بەکارهێناوە و سەلماندوویەتی زمانی کوردی دەتوانێت ئاڵۆزترین چەمکە سۆزداری و ئەدەبییەکان لە فۆرمی پەخشاندا بگەیەنێت، بێئەوەی پشت بە پێکهاتەی زمانەکانی تر ببەستێت. ئەو وەرگێڕانە نەک هەر بۆ ناساندنی شاکارێکی ناوازەی وێژەی فارسی بە خوێنەری کورد یارمەتیدەر بووە، بەڵکوو لێهاتوویی و تواناییەکانی زمانی کوردی لە دەربڕینی هەست و بیری ئەویندارانەشدا دەرخستووە. وێنە ڕۆمانسی و شیعرییەکانی ویسێ و ڕامین لەو پەخشانەدا، بەردەوام زیندووە و خوێنەری کورد نوقمی خەیاڵ دەکات، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەو وەرگێڕانە نموونەی وەرگێڕانێکی داهێنەرانەیە کە تێیدا وەرگێڕ وەک نووسەری دووهەم دەردەکەوێت. وەرگێڕ

دەقەکە نە وەک بابەتێکی داخراو، بەڵکوو وەک بوونەوەرێکی زیندوو دەبینێت کە دەبێت لە ژینگەیەکی نوێدا دووبارە زیندوو بێتەوە. هەروەها وەرگێڕانی ویسێ و ڕامین بۆ سەر پەخشان نموونەیەک لە وەرگێڕانی مۆدێرنە کە بە وەرگێڕانی لێکدانەوەیی، یان هێرمێنۆتیکی ناسراوە. لەم ڕێبازەدا وەرگێڕ بە پشتبەستن بە تێگەیشتنی کولتووری و جوانیناسی، مانا بنیات دەنێتەوە. لە تاوتوێی ئاستی کولتووریی ئەو وەرگێڕانە، دەبێت لە کاریگەرییە کولتوورییەکانیشی بکۆڵرێتەوە. ئەو وەرگێڕانە نیشان دەدات کە چۆن وەرگێڕان دەتوانێت ئامرازێک بۆ بنیاتنانەوەی ناسنامەی زمانی بێت. وەرگێڕ سەلماندوویەتی زمانی کوردی هاوشانی زمانی فارسی توانای دەربڕینی هەستە مرۆیی، وێنەسازیی شاعیرانە و پێکهاتەی گێڕانەوەیی ئاڵۆزی هەیە.

ڕێبازی وەرگێڕ، لە ئەمەگناسی بۆ شێوازی دەقی سەرچاوە و زمانی ئامانج نموونەیەکی سەرکەوتووی وەرگێڕانی کولتوورییە؛ وەرگێڕانێک کە نەک هەر پەیام، بەڵکوو بەشێک لە یادەوەری و نەریتی زمانیی دەقی سەرچاوەشی گەیاندووە. ئەم شێوازە نموونەیەکە لە تیۆرییە مۆدێرنەکان لە خوێندنەوەکانی وەرگێڕاندا، وەک تیۆریی ئێسکۆپوس کە جەخت لەسەر ئەرک و خۆماڵی کردنی زمانی دەقی سەرچاوە دەکات. جەباری بەم ڕوانگەیەوە، وەرگێڕانەکەی لە گواستنەوەیەکی زمانییەوە بۆ ئافراندنەوەیەکی وێژەیی کە شوناسێکی سەربەخۆی هەیە، گۆڕیوە.

**لە ئەنجامی** ئەو لێکدانەوەیە، بۆمان دەرکەوت ئەو وەرگێڕانە، ئافراندنەوەی ئەزموونێکی وێژەییە لە چوارچێوەیەکی نوێدا؛ ئەزموونێک کە لەگەڵ بەها و چوارچێوەی زمان و کولتووری بەردەنگی کوردی گونجاوە. ئەو وەرگێڕانە لە هەر چوار ڕەهەندی سۆزداری، زمانی، کولتووری و پێکهاتەییدا، لە ئاستی گێڕانەوەی مانا تێپەڕیوە و دەقی سەرچاوە ژیانێکی نوێ لە ژینگەی زمانی ئامانجدا دۆزیوەتەوە. لە ڕەهەندی سۆزداریدا، بە ئافراندنەوەی هەستی ئەویندارانە، وەرگێڕ توانیویەتی خۆشەویستیی ویس و ڕامین لە حاڵەتێکی دەرهەست و کلاسیکییەوە بۆ ئەزموونێکی بەرجەستە بگۆڕێت. لە ڕەهەندی زمانیدا، لە فۆرمی پەخشانی سەروادارادا، ڕۆحی ئاوازیی ئەو بەرهەمە شیعرییە پارێزراوە و پەیوەندییەکی هونەری لە نێوان هەردوو فۆڕمی شیعر و پەخشان دروست بووە.

لە ئاستی کولتووریدا، ئافراندنەوەی وەرگێڕ جۆرێک لە وەرگێڕانی نێوان کولتوورییە کە توانیویەتی چەمک و هێما ئێرانییەکانی بەرهەمەکە لەگەڵ توخمە کولتووری و خەیاڵییەکانی زمانی کوردی لێک بدات و بەم شێوەیە، بەرهەمەکەی، وەک بەرهەمێکی کوردیی ڕەسەن دەناسرێت. لە بەشی گێڕانەوەدا، وەرگێڕ لەسەر بنەمای نەریتەکانی گێڕانەوەدا، توانیویەتی هەناسەیەکی نوێ بخاتە ناو گێڕانەوەکە؛ بۆیە دەکرێت بڵێین وەرگێڕانی ویسێ و ڕامین نموونەیەکی دەگمەنی وەرگێڕانی داهێنەرانەیە؛ وەرگێڕانێک کە وەفاداری نەتەنیا بۆ ئاستی زمانی سەرچاوە، بەڵکوو بۆ ڕۆحی بەرهەمەکەش گرنگ و لەبەرچاو بووە.

لەم ڕێبازەدا وەرگێڕ وەک نووسەری دووهەم و بە پشتبەستن بە خەیاڵ و ئاستی کولتووری و هەستیاریی زمانی کوردی، دەقێک بەرهەم دەهێنێتەوە کە هەم ڕیشەی لە دەقە کۆنەکاندا هەیە و هەم لە نیشتمانێکی نوێدا گەشەی کردووە. وەرگێڕانی ویسێ و ڕامین نموونەیەکی دیار لە چۆنیەتیی گۆڕینی زمانی چڕکراوی شیعری کلاسیکی فارسی بۆ سەر پەخشانی هونەرییە کە بەردەوام سۆز و جوانیی زمانی سەرەکیی لەخۆدا پاراستووە، بۆیە زۆر گرنگە لە چوارچێوەی تیۆرییە مۆدێرنەکانی وەرگێڕاندا شیکاری وەرگێڕانێکی لەو شێوەیە بکرێت، بەتایبەت تیۆریی ئێسکۆپوس کە جەخت لەسەر ئامانجداربوون و ئەرکی وەرگێڕان لە چوارچێوەی کولتووری زمانی ئامانجدا دەکات، هەروەها تیۆریی کولتووری کە وەرگێڕان وەک جۆرێک لە دووبارە نووسینەوەی ئایدیۆلۆژی و کولتووری دەزانێت، بۆیە دەکرێت وەرگێڕانی ویسێ و ڕامین بە هەوڵێکی سەرکەوتوو بۆ زیندووکردنەوەی دەقێکی کلاسیک هەژمار بکرێت؛ هەوڵێک کە ئەزموونێکی نوێی لە گێڕانەوەیەکی کۆن لە نێوان ڕابردووی وێژەی فارسی و ئێستای وێژەی کوردیدا خولقاندووەتەوە.

**بۆ ئاگاداری خوێنەری هێژا،** وتارەی بەردەست کورتکراوەی وتارێکی زانستی - توێژینەوەییە و دەقی تەواوی وتارەکە لە داهاتوودا بڵاو دەبێتەوە، بۆیە لەو وتارەدا سەرچاوەکان و گەڕانەوەکانی ناو دەق بۆ پاراستنی ماف توێژەر لابردراون.

## از شعر تا نثر: بازآفرینی روح شاعرانه‌ی ویس و رامین در ترجمه‌ی کُردی دکتر جباری


### چکیده

منظومه‌ی «ویس و رامین» در قرن پنجم هجری توسط فخرالدین اسعد گورگانی سروده شده است. سال ۲۰۱۸ دکتر جباری این اثر را از زبان فارسی به نثر کُردی ترجمه کرد. ترجمه‌ی شعر به نثر همواره یکی از چالش‌برانگیزترین حوزه‌های ترجمه به‌شمار می‌آید؛ زیرا شعر نه‌تنها حامل معناست، بلکه موسیقی، وزن، قافیه و زیبایی‌های زبانی را نیز منتقل می‌کند؛ عناصری که هر یک در تجربه‌ی ادبی و احساسی خواننده نقشی اساسی دارند. جباری ترجمه‌ی خود را به روش تفسیری و هرمنوتیکی و با تکیه بر نظریه‌ی فرهنگی انجام داده است. او با گزینش واژگان و اصطلاحات اصیل کُردی، به این ترجمه استقلال زبانی و فرهنگی ویژه‌ای بخشیده است. این ترجمه بیش از آن‌که صرفاً یک ترجمه‌ی زبانی باشد، نوعی آفرینش هنری و میان‌ژانری است که از مفهوم نظریه‌ی فرهنگی برای بازآفرینی «ویس و رامین» بهره گرفته است. مترجم با پرهیز از ترجمه‌ی واژه‌به‌واژه و با استفاده از زیبایی‌شناسی زبان کُردی، توانسته است بار عاطفی و شاعرانه‌ی این اثر را در قالب نثری هنری بازآفرینی کند. او توازن میان وفاداری به متن مبدأ و آزادی در آفرینش در زبان مقصد را به‌خوبی حفظ کرده، و اثری پدید آورده که هم برای مخاطب کُردزبان جذاب است و هم در انتقال پیام و روح داستان «ویس و رامین» وفادار است. ازاین‌رو، می‌توان این ترجمه را نمونه‌ای درخشان از ترجمه‌ی خلاق و فرهنگی دانست که در آن، مترجم نقش خالق ادبی دوم را ایفا می‌کند. در این ترجمه، معنا و احساس بر کلمات غلبه دارد و مترجم از سطح واژگان فراتر می‌رود، تا جوهره‌ی اثر را در فرهنگی جدید زنده کند. این پژوهش به روش وصفی - تحلیلی انجام شده است.



**واژگان کلیدی:** ویس و رامین؛ نثر کُردی ویس و رامین؛ بازآفرینی شاعرانه؛ ترجمه‌ی فرهنگی.